# لەسێدارەدانی سەدام کۆمەڵێک راستی ون دەکات کە تەنها خۆی دەیزانی

## تەیسیر ئەلئالووسی نوسەر مامۆستای زانکۆ لە دانیمارک بۆ ئالای ئازادی

**تەیسیر ئەلئالوسی، کەسایەتیەکی گرنگی عەرەب و نوسەریکی دیارە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری ئەدەبی هاوچەرخی عەرەبی و ئیستا جێگری راگرە لە زانکۆی کراوەی ئیسلامی لە دانیمارک، لەگەڵ ئەوەشدا دۆستێکی نزیکی کوردو دۆزە رەواکەیەتی.**

**ئاڵای ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

تەیسیر ئالوسی: بەلامەوە گرنگە لەسەرەتادا جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەو تاوانانەی دژی گەلی کوردمان ئەنجامدراوە لەتاوانی بەدناوی (ئەنفال)دا تاوانێکی ئاوێتەیە، بەو پێیەی تاوانێکی مەترسیداری قەڵاچۆکردنی رەگەزێکی مرۆییە لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، هەروەها تاوانێکی دژی مرۆییە ئەگەر بچینە ناو وردەکارییەکانی، بێجگە لەتاوانە قێزەونە جیاجیاکانی کە لێرەو لەوێو لەچوارچێوەی گشتیی تاوانەکەدا دژ بەمرۆڤی کورد ئەنجامدراون، وەک بازرگانیکردنی کۆیلەی سپی لەچاخی ئازادییەکانو مافەکانی مرۆڤدا.

رەوتی دانیشتنەکانی دادگاش، وێڕای قێزەونی قەڵاچۆکردنەکەو هەوڵەکانی سڕینەوەی شوێنەوارەکان، دەرفەتێکی باش بوو بۆ تیشک خستنە سەر هەندێک دیمەنی شەرمئامێز کە ئارەقی شەرمەزارییان لێ دەتکێت، لە پرۆسەکانی ئەنفالکردنی ژیان بەهەموو رواڵەتە مرۆییو نامرۆییەکانیەوە، ئەوەتا تەنانەت سروشتی کوردستانیش بێوەی نەبوو لەهەمەجییەتی ئەو تاوانە.

دەنگی شایەتەکان رۆڵی خۆی گێڕا لەگواستنەوەی هاواری جەرگبڕی قوربانیانی تاوانەکە کە هێشتا چاوەڕێی وەڵامو بەدەمەوەچوونن؟ بۆ ئەوەش زۆر گرنگە دەزگای داواکاریی گشتی پێش بخرێتو دادگا ناوەناوە دەوڵەمەند بکرێت بەدەنگی یاسای شارەزاو بەتوانا، بۆ ئەوەی مەسەلەکە تەنها لەدەستی ئەو شایەتە سادانەدا نەمێنێتەوە کە زۆر بەدڵێکی پاکەوە بەسەرهاتی کەسوکارەکانی خۆیان دەگێڕنەوە لەو سەردەمەی مەرگی ناوادەو تاوانی قێزەونەدا، هەر ئەوانیش رووبەرووی پەلامارە درێوەکانی پارێزەری بەرگری ببنەوە کە لەراستیدا ئەو پارێزەرانە گەمەیەکی ناشرینی رژێمێکن دەیویست تاوانێک ئەنجام بداتو ئێستاش پاشماوەکانی هەوڵی بێهوودەی نوێ دەدەن بۆ ئەوەی شوێنەواری تاوانەکە بسڕنەوە!

**ئاڵای ئازادی: دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێنو دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

تەیسیر ئالوسی: پەلەکردن لەجێبەجێکردنی حوکمی مەرگ بەسەر تاوانکاری سەدەی بیستەمدا کاردانەوەیەکی خراپی زۆری لێکەوتەوە، لەوانە ونکردنی هەندێک راستی کە لای ئەو بوون وەک دکتاتۆرێکی گومڕای تاکو تەنها خاوەنی نهێنییەکی زۆری کە دەکرا بەئاشکرابوونیان پەردەیان لەرووی زۆر کاروبار لابردایە کە لەناو نیشتمانداو لەرێی تۆڕێک لە پەیوەندیی ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەوە روویانداوە، دەکرا ئەو دکتاتۆرە هەتا کۆتاییهاتنی دادگای ئەنفال بهێڵرایەتەوە کە ئەم تاوانەی دواییان قەبەترو قێزەونتر بوو و بۆ ئەوە دەشیا ببێتە ئامرازێکی مەعنەویی گرنگ بۆ دادگاییکردنو بەسزاگەیاندنی، ئەوەش کاریگەریی باشی مەعنەویو ئەدەبیو دەروونی دەبوو بۆ کەسوکارو خێزانی قوربانیانی ئەنفال، بێجگە لەوەی مەسەلەیەکی گرنگ دەبوو لەرووی روونکردنەوەی قەبارەی تاوانی ئەنفال لەسەر هەردوو ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی، بۆ بەرگرتن لەدووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە قێزەونو کارەساتاوییانە. بەڵام پێویستە بیر لەمیکانیزمی شیاو بکەینەوە بۆ پارێزگاریکردن لەمۆرکی راستەقینەی تاوانەکەو قەبارەکەی، لەپێناوی ئەوەی دادگاکە بگەیەنینە ئاستی بەدواداچوونی نێودەوڵەتی شایستە، بەمەبەستی هێشتنەوەی داتاکان بەزیندوویی‌و بەجۆرێک کاریگەریی هەبێت لەسەر هەموو لایەنەکان، بۆ ئەوەی بەسزاگەیاندنی تاوانکاران هەروا بەبێ باسکردنی قەبارەی تاوانەکە بەسەرماندا تێنەپەڕێت.

**ئاڵای ئازادی: دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاساییو پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

تەیسیر ئالوسی: پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە بەستنەوەی بەردەوامی دادگاییەکە بەهەندێک وردەکاریی ترەوە وەک ئەوەی لەدادگاییکردنی ئانراد لەهۆڵەنداو پاشتر لەحوکمدانەکەیدا روویداو هەروەها وەک ئەوەی لەکاتی ناوبردنی دەزگایەکی موخابەراتیدا روویدا کە بەشداری کردوە لەبازرگانیکردن بەژنانی کوردی عیراقییەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی دادگاییەکە بۆ ئاستێکی میدیایی شایستەو پەیوەندیکردنی دپلۆماتانەی ئیقلیمیو نێودەوڵەتیو گرێدانەوەی ئەو ئاکامە کارەساتاوییانەی تاوانەکە بەریشە مێژووییەکانەوە، لەو دەمەوە کە کوردستان بەرێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا بەش بەش کراوەو خۆدزراوەتەوە لەبەڵێنەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ، کە هەر ئەو حاڵەتە دەرفەتی رەخساندوە بۆ ونکردنی تاوانەکەو تێپەڕاندنی لەکاتی خۆیدا. تەنها لەئەنجامی ئەو گرێدانەوەیەوە دەتوانین میکانیزمی شیاو دەستەبەر بکەین بۆ پارێزگاریکردن لەگەلی کوردمان لەپارچەکانی کوردستاندا بەرامبەر ئەو یارییەی بەچارەنووسی دەکرێتو ئەو تاوانی قەڵاچۆکردنو ماف زەوتکردنەی بەرەورووی دەبێتەوە.

**ئاڵای ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرسو کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

تەیسیر ئالوسی: من مەسەلەکە تەنها لەسادییەتی سەرکردەکانی تاوانەکەدا نابینمەوە، بەڵکو ئەو مەسەلەیە لەراستیدا پەل دەهاوێت بەرەو کۆمەڵێک لەپیاوانی رژێم کە تاوانەکەیان بەخوێنێکی ساردەوە ئەنجامداوە لەکاتی خۆیدا، بۆیە پێویستە سزای رەوا هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە شەریک بوون لەو تاوانەدا، چونکە ئەو تاوانە ئەگەر سیستمێکی کامڵ لەئارادا نەبوایە روی نەدەدا، سیستمێک لەئامرازی تاوان، بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتیو یاساکانی سزای ناوخۆییش شەریکەتاوان دەبێت سزا بدرێت، ئەگەرچی جیاوازییەکیش هەبێت لەجۆرو قەبارەی سزاکەدا. پێموانییە بەسزادانی ئەو شەش ناکەس بەچەیە شوێنەوارەکانی تاوانەکە بسڕێتەوە، چونکە برینێکی قووڵمان هەیە بەئاسانی سارێژ نابێتو هێشتا هاوار بۆ ویژدان دەبات بەر لەیاسا، هاوار بۆ ویژدان دەبات بۆ ئەوەی لەدەرهاویشتەکانی ئەو تاوانەدا بەدەمییەوە بچێت.. پێشموایە باشترە دادگاییەکە بەردەوام بێت لەدانیشتنەکانی لێپێچینەوەی کۆی شەریکە سەرەکییەکانی تاوانەکە، ئەمەش بۆی هەیە هەندێک لە شوێنەوارە مەعنەویو دەروونییەکانی کەسوکاری قوربانیان چارەسەر بکاتو متمانەیان بۆ بگێڕێتەوە بەبەشێکی زۆری کۆمەڵگای عیراقیو تەنانەت بەشێکی کۆمەڵگای کوردستانی خۆیشیو ئەوساش دەرفەت دەرەخسێت بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی نوێ کە ئەگەری لێکترازانو پێکدادانی خراپ کەمتر بێتەوە تیایدا، بەپێچەوانەی حاڵەتی پێچانەوەی دۆسێی تاوانەکە، ئەم حاڵەتەیان وەک ئەوە دەبێت بڵەین وازهێنان لەمەسەلەکە بەبێ دادگا باشترە بەو هیوایەی رۆژێک لەرۆژان سزای یاسایی بسەپێنرێت، پێچانەوەی دۆسێی تاوانەکە برینێکی نوێی قووڵترمان بۆ دروست دەکات کە ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە لای نەوەکانی داهاتووش.

**ئاڵای ئازادی: ـ دوا وتەت؟**

تەیسیر ئالوسی: دەمەوێت دوا وتەم جەختکردنەوە بێت لەسەر زەرووڕەتی هەبوونی سەنتەری توێژینەوەی تایبەتمەندی فراوانتر لەئاستی نیشتمانیو نەتەوەیی، بەڵکو بگاتە ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی، ئەویش ببێتە لایەنی پەیوەندیدار بەتوێژینەوە لەمیکانیزمی شیاو بۆ بەدواداچوونی پرسەکە چ لەکاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگا، یان دواتریش. با ئەندامانی ئەو سەنتەرەش نوێنەری لایەنی یاساییو غەیرە یاساییش بن لەمەدەنیو دەروونناسانو کۆمەڵناسانو پسپۆڕانی لێکۆڵینەوەی زانستی مەیدانی ئەو جۆرە حاڵەتە مرۆییانە.



# دادپەروەریی پارچە پارچە ناکرێتو نابێت تەنها چەند کەسێک بگرێتەوە

## عەبدولکەیم ئەلعامری شاعیرو رۆژنامەنوسی عێراقی

**ئەمە دیدی دوو رۆژنامەنوسی عێراقیە کە ئێستا لەناوخۆی عێراقدا کاردەکەن و دەربارەی ئەنفال و دادگای ئەنفال وەڵامی پرسیارەکانی ئاڵای ئازادییان دایەوە.**

**ئاڵای ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

**عەبدولکەریم ئەلعامری :-** پرسی ئەنفال یەکێکە لەگەورەترین تاوانەکانی دژی مرۆڤ، چونکە لەو تاوانەدا ژمارەیەکی زۆری رۆڵەکانی گەلی کوردی خەباتگێڕو ستەملێکراو لەناوچوون، من خۆم چاوەڕێی ئەوەشم دەکرد ئەو کێشەیە گەورەترین بایەخی پێ بدرێتو بخرێتە پێش ئەو تاوانانەی ترەوە کە تاوانکارەکانی لەسەر دادگایی دەکرێن، تاوانێکی لەو چەشنە بەڵگەی زۆری ناوێت، بەتایبەتیش کە گەواهییەکانی بەبەرچاوەوەن، ئەوە تاوانێکە دژی خەڵکی بێدیفاعی کوردی عیراق ئەنجامدرا، تاوانێکی مرۆڤایەتیی گەورەیە.

**سەعد خەییون ئەلبەغدادی ـ** لەراستیدا تراژیدیای ئەنفال تۆمارێکی شەرمئامێزە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، بێ لەوەی شکستێکە بۆ هەموو ئەو بەها ئەخلاقییانەوە کە فیکری نەتەوەپەرستی شانازییان پێوە دەکات. رەنگە ئێمەی خەڵکی عیراق هەست بەگەورەیی قەبارەی ئەو تراژیدیایە بکەین کە برا کوردەکانمان لەسایەی رژێمێکی شۆڤێنیستی نەتەوەپەرستی دەمارگیردا چەشتوویانە، رەنگیشە هەست بەقەبارەی ئەو تراژیدیا مرۆییە بکەین کە کورد تووشی هاتن، بەڵام ئەی چی بڵەین لەبارەی ئەو مەنزوومە عەرەبییەوە کە پشتی ئەو رژێمەی گرتو بەهەموو هێزێکییەوە هاوکاریی کرد، ئەی نابێت چاو بەو رەفتارە دوژمنکارانەیەی خۆیدا بخشێنێتەوە کە بەرامبەر گەلی کورد پەیڕەوی دەکرد؟

**ئاڵای ئازادی: دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێنو دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

**عەبدولکەریم ئەلعامری:** ناکرێ هیچ شتێک لەبایەخی ئەو پرسە کەم بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر هۆکاری سەرەکی تاوانەکەش لەسێدارە درابێت، بەڵام ئاواتمان ئەوە بوو حوکمی لەسێدارەدانەکە دوابخرێت هەتا کاتی لێبوونەوە لە کێشەی ئەنفال بۆ ئەوەی تاوانکارەکان قورسیی ئەو تاوانەیان ببینیایە کە دژی رۆڵە بێتاوانەکانی گەلی کورد ئەنجامیان داون، ئێمە ئاواتمان وا بوو، چونکە قێزەونیی هەر تاوانێکی گەورە وامان لێدەکات حەز بکەین تاوانکارەکە شوێندەستەکەی خۆی ببینێتەوە کە چی کردوە دەرهەق بەگەلێکی بێوەیو خەڵکێکی بێتاوان لەژنو منداڵو پیرو پەککەوتە.

**سەعد خەییون ئەلبەغدادی ـ** بەدڵنیاییەوە لەسێدارەدانی سەدام رای گشتی لەدەرفەتی ئەوە بێبەش کرد کە گوێی لە ئیفادەیەکی زۆر گرنگ بێت، لەپێناوی زانینی ئەوەی چۆن ئەو رژێمە جورئەتی کرد چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دژی رۆڵەکانی نیشتمان بەکاربهێنێت، هەروەها دادگایشی بێبەشکرد لەوەی زۆر وردەکاریی تر بزانێت لەبارەی پرسەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسۆیەکی زۆری کردەوە بۆ تۆمەتبارانی تر کە بەئازادیی بدوێن، وەک چۆن بینیمانن پاش لەسێدارەدانی سەدام حسێن کەوتنە قسەکردن، لەراستیدا شکاندنی دیواری ترس لای تۆمەتبارەکان نەدەکرا ئەگەر دکتاتۆری گومڕا لەسێدارە نەدرایە، ئەمەش زۆر گرنگە، ئەوەتا ئێستا گوێمان لەئیفادەی زۆر راستگۆیانەتر دەبێت.

**ئاڵای ئازادی: دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاساییو پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

**عەبدولکەیم ئەلعامری ـ** گەلی کورد مافی خۆیەتی بەهەموو مافەکانی خۆی شاد بێت، ئەویش گەلێکە وەک هەر نەتەوەیەکی تری ئەم جیهانە، ئەگەر ئێمە مرۆڤپەروەر بینو نرخ بۆ مرۆڤ دابنێین پێویستە پشتگیری کوردەکان بکەین لەهەموو پرسە چارەنووسسازەکانیاندا، هەموو پرسە رەواکانیاندا.. ئێمە نامانەوێ ئاڵتەرناتیڤ بۆ گەلی کورد دیاری بکەین لەداواکردنی مافی خۆیاندا وەک مرۆڤ لەژیانو لەئازادیو لەبەکارهێنانی هەموو ئەو سامانانەدا کە خودا پێی بەخشیون، بەڵام دەڵێین پێویستە کوردەکان بەرێگەی ئاشتییانە خەبات بکەن لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا، چونکە گەلی کورد لەدێرزەمانەوە بەستەملێکراویو لەژێر جەوردا ژیانی بەسەر بردوە، ئێستاش پێویستە بەمافی خۆی شاد بێت لەژیانی ئازادو سەربەرزانە، دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش پرسی ئەم گەلە رەچاو بکاتو دووفاقەیی بەکارنەهێنێت لەچەندین پرسی تردا کە هاوشێوەی پرسی گەلی کوردن، دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوە رەچاو بکات کە گەلی کورد مافی ژیانی هەیە.

**سەعد خەییون ئەلبەغدادی: ـ** رەنگە ئەم دادگاییە ببێتە بەربەستێک، بەڵام دەبێت ئەو راستییە بزانین کە هیچ شتێک رێ لەفاشیزم ناگرێت، ئەوەتا دادگاییکردنی سەرانی فاشیزمی ئەڵمانی نەبوە رێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی چەندین رژێمی فاشیست لەئەمریکای لاتینو لەعیراقدا، کەواتە ناکرێ زۆر پشت بەم دادگاییە ببەستین لەوەدا کە ئیدی رێ لەرروودانی قەسابخانەی تر بگرێت.

**ئاڵای ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرسو کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

**عەبدولکەیم ئەلعامری:** ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، چ لەکێشەی ئەنفالدا یان لەکێشەکانی تری گەلی عیراق لەباشووریشدا، چەندین دەست هەن بەخوێنی عیراقییەکان سوور بوونو هەتا ئێستاش ئازادن، دەستیان لەگەڵ رژێمدا هەبوە لە کوشتنی بێتاواناندا، دەبێت دادگا راوەدووی ئەوانە بنێت کە هۆکارێک بوون بۆ چەوساندنەوەی عیراقییەکان بەکوردو عەرەبەوە. ئایا ئەوە مەعقوولە تاوانێکی گەورەی وەک ئەنفال تەنها شەش کەس بگرێتەوە؟؟ هەرگیز مەعقوول نیە، تاوانی ئەنفال ژمارەیەک تاوانکاری زۆر ئەنجامیانداوە نەک تەنها ئەو شەش سەرە گەورەیە، دەبێت دادگا راوەدووی ئەوانە بنێت کە دەیانەوێ لەسزا قوتاربن.

**سەعد خەییون ئەلبەغدادی ـ** دادپەروەریی پارچە پارچە ناکرێتو نابێت تەنها چەند کەسێک بگرێتەوە، گەورەیی قەبارەی تاوانەکانی رژێمی بەعسیش دژی کورد دەبێت هەموو رەمزەکانی بەعس بگرێتەوە، بگرە من حەز دەکەم بڵێم پێویستە هەموو رۆژنامەنووسانو کارمەندانی میدیاییش دادگایی بکرێن بۆ ئەوەی تراژیدیای تری لەو چەشنە لەنیشتمانەکەماندا روونەداتەوە.